www.kurdistannet.org
5-2-2007 21:59 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# نهێنیەکانی نێوان ئەمریکاو بەناو موقاوەمەی عێراقی ... هەورامان علی تۆفیق



بەپێ ئەو هەواڵانەی کە لەسەر زاری بەرێوەبەری یانەی ململانێ کە ڕاوێژکاری ئاسایشی پێش و بۆ سەرۆکایەتی کۆمەڵەی ئەوروپی ئەلستێر کروك لەو ماڵپەرەی خۆیدا چیرۆکی ئەو سێ مانگەی کۆتایی ساڵی 2006 کە تێیدا چەند سەردانێکی وەزیری دەرەوەی ئەمریکی کۆندەلیسا رایس بۆ چەند پایتەختێکی عەرەبی و نهێنی و ئەو ڕاستیانەی لەم سەردانانەدا دەگێڕێتەوە.. لەو گێڕانەوەیەدا هاتووە لەو سێ مانگەی کۆتایی ساڵی ڕابردوو کە یاوەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و گەورە یاریدەدەرانی بۆ بنیادنانی بنەمایەکی ئەمنی نوێ لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەمان بنەماش ئەوەی لەخۆگرتبوو کە پاڵەپەستۆیی زیاتر بخرێتە سەر ئێران و لەهەمان کات بەدەست هێنانی هاوکاری و یارمەتی زیاتر بۆ ئەمریکا تا لەو گرفتوو کێشانەی لەناوچەکەدا هەن بەتایبەت بارودۆخی عێراق و گێڕانەوەی هەرنەبێ کەمێك لەو ئیحترامە ڕۆیشتووەی ئەمریکا لەناوچەکەدا، مەبەست لەم سەردانە ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو نەبوو بەڵکو ئەم ئەنجومەنە ئەمریکا بەکاری دێنێ وەك دەرگایەك بۆ کردنەوەی گفتووگۆ لەگەڵ نوێنەرانی (موقاوەمەی عێراقی) لەگەڵ لەدایك بوونێکی مردوویی بۆ ئەو گفتووگۆیانە بەڵام ڕایس ئەوەی لەتوانایدا بوو بەکاری هێنا. بەسەر هاتەکە دەگێڕێتەوە کە گرنگ ترین سەردان لەو سەردانانە چاوپێکەتنی ڕایس لەگەڵ وەزیرەکانی ئەنجومەنی هاوکاری کەنداوبوو کە لە لەڕیاز و قاهیرەو عەمان بەئەنجام گەیەندران و گرنگترینیان لەم سێ کۆبوونەوانەی کە دەرگای گفتووگۆیی بۆ هێزی بەرەنگاری عێراقی کردەوە ئەو کۆبوونەوەی قاهیرەبوو کە لەسەرەتایی ئۆکتۆبەردابوو بەڵام وتەبێژی یانەکە لە هەفتەی کۆتایی مانگی دیسەمبەر لەگەڵ بەرپرسانی عێراقی گفتووگۆیی کردووە و لەو هەنگاوانە ئاگادارکراونەتەوە و لە ڕێگای یەکێك لەوانەوە بەشێوەیەکی فراوان هەوڵەکانی ڕایسی وەرگرتووە کە لەکۆبوونەوەکاندا بەکارهێنراوە تا دەرگایەك بۆ گفتووگۆ بکرێتەوە ئەم پەیامنێرەش ئەم هواڵانەی لای خوارەوەی بەدەست گەیشتوون کە دەرەنجامی ئەو کۆبوونەوەی لە قاهیرە ئەنجام دراوە لەڕێکەوتی 3ی ئۆکتۆبەری ساڵی 2006 بەبەشداری نوێنەرانی مسرو ئەردەن و بۆ ئێوارەکەی هەمان ڕۆژ چاوی بەوەزیرانی ئەردەن و میسرو قەتەرو سعودیە کە بەڕێکای تەلەفونێکی چاوەڕوان نەکراوە لەلایەن یەکێك لە یاریدەدەرانی ڕایسەوە ئاگادار دەکرێنەوە بۆ بەشداریان لە کۆبوونەوەیەکی تایبەت لەگەڵ ڕایس لە شوێنێکی دیاری کراو کە ئامادەکراوە بۆ ئەم شێوە دانیشتنە لە قاهیرە. یەکێك لەو وەزیرانەی کە ئامادەیی هەبووە لەو کۆبوونەوەیەدا لەگەڵ ڕایس پاش ماوەیەك لەگەڵ گەورە بەرپرسانی دەستەی زانایانی موسوڵمان (هیئە علما و المسلمین) لە ڕیاز و ئەوەی لەکۆبوونەوەکەدا ڕوویداوە بۆیی گێڕاوونەتەوە بەتایبەت ئەو بابەتانەی کە زیاتر گرنگیان هەیە. کە پێشنیارێك لە حکومەتی ئەمریکیەوە بە کردنەوەی دەرگایەك بۆ گفتووگۆ لەگەڵ موقاومەی عێراقی ئەوەشی ڕاگەیاندوە کە ئەمە خواستی ڕایس بووە لەوەی کە بۆچوونەکانی ئەمریکا بگوێزرێتەوە بۆ (هیئە علما و المسلمین) . لەو دانیشتەدا لەقاهیرە ڕایس بەو چوار وەزیرانەی ووتووە کە ئەو دەیەوێ دەربارەی خراپی و ئاڵۆزی بارودۆخان بکات لەعێراق لەگەڵیان بدوێ و ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە ئەمریکا و حکومەتەکەی هەستی بەوە کردووە کە لەعێراقدا هەڵەیان کردووە و سەرۆك هەست بەنیگەرانی تەواوو دەکات دەربارەی ئەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەڵانەی کە کراون و دەیەوێ ڕاستیان بکاتەوە.. ئەوەشی بە وەزیرەکان ووتووە ئێوە دۆستی ئێمەن و ئەمەوێ هاوکاریمان بکەن و بەیارمەتیتان ڕابردوو ئاڵۆزیەکانی لەبیرکەن من دان بەوەدا دەنێم هەڵەمان کردووە و ئاگاداری و پێشنیارەکانی ئێوەمان پشت گوێ خستن و ئامۆژکاریەکانتان وەرنەگیران، بەڵام وەرن باهاوکاری یەك بکەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەعێراقدا، بۆ ئەمەش بانگم کردوون بۆ قاهیرە بۆ قسەکردن لەم بارەیەوە و دوای ئەوەی لەگەڵ کۆشکی پسی قسەم کردووە بۆ دڵنیابوون و ئاگاداریان کە ئێمە ئەم بابەتانە باس دەکەین و لەم شێوێنەی کە گرنگی تایبەتی خۆیی هەیە.

دوای ئەو پێشەکیە کورتەی ڕایس لە داوای لێبووردن و داوای هاوکاری و بەرپرسێکی دیبلۆماسی سعودی برسیاری ئەوەی کرد ئەو ڕێگایەی کە دەکرێ ئێمە هاوکاری ئەمریکای پێ بکەین چین..؟ ئەویش بەبێ وەستان وەڵامی داوەتەوە کە حکومەتی ئەمریکا ئەیەوێ دانووستاندنی چڕوپڕی هەبێت لەگەڵ بەرپرسانی موقاوەمەی عێراقی سوننە بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەك بەکۆتایی هێنان بە یاخی بوون و بەرقەرابوونی ئەمن و ئاسایش لە عێراق و ووتی ئەو لە بەشداربووانی دەوێ کە هەریەکەیان بگەڕێتەوە بۆ وولاتەکەی خۆیی و توانای و کاریگەری خۆیان بەکاربێنن بۆ ڕازی کردنی موقاوەمەی سوننە بە هاتنەناوەیان بۆ گفتووگۆکردن لەگەڵ ئەمریکا، ئەوەشی ووت کە ئەمریکا ئامادەیە بۆ قسەکردن لەگەڵ شێخ حارس ئەلزاری سکرتێری (هیئە علما و المسلمین) لەگەڵ ئامادییان بۆ گفتووگۆکردن لەگەڵ هەرگەورە بەرپرسێکی حزبی بەعس یان هەر سەرکردەیەکی سەربازی لە سوپای پێشووی عێراق بۆ دۆزینەوەی ڕێگای بەرقەراربوونی ئاشتی و کۆتایی هێنان بە موقاوەمە.

ڕایس ئەوەشی ووت: کە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئامادەیە لەگەڵ هەر گەورەبەرپرسێکی موقاوەمە دانووستاندن بکات بەڵام لەگەڵ بەرپرسانی قاعیدە ئامادەنیە.

لەسەر ڕۆشنایی ئەم کۆبوونەوەیە حارس ئەلزاری سەردانی سعودیەی کرد و لەگەڵ گەورە بەرپرسانی سعودیە کۆبووەوە و هەندێ وولاتانی تری ناچەکە بۆ هەمان مەبەست کە ئەو داواکاریانەی ڕایس بخرێنە بەردەم و لەگەڵ ئەوەش دا حارس ئەلازی ئامادە نەبوو بەهیچ شێوەیەك بەو بۆ چوونەی کە ڕاستەوخۆ دانیشتن لەگەڵ ئەمریکا دا بکات ئەگەر ئەوان بەشێوەیەکی ئیجابی ئەو شەش داوایەیان وەرنەگیرێ کەبە داواکاری بنەڕەتی دەزانن بۆ بەرهەڵستکاران و موقاوەمەنی سوننە کە ئەمریکا خەڵکی نێوان نەهرێنی داگیرکردووە.. ئەو شەش داواکاریانەش بەشێوەی نووسراو لەلایەن حارسەوە ڕەوانەکراون و گەیشتوونەتە دەست ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی (ستیغن هادلی) لە میانەی ئەو سەردانەی بۆ سعوودیە لەمانگی دیسەمبەری ڕابردوو. دوای ئەوەی کە ستیغن ئەو داواکاریانەی دیووە و بۆ هەمان مەبەست بەسەردانێکی چاوەڕوان نەکراو هاتە هەولێرو لەگەڵ سەرۆکی هەرێم کۆبووەوە و پاشان لەگەڵ نوری مالکی سەرەك وەزیرانی عێراق بۆ ئەوەی ڕاوبۆچونەکانی ئەوانیش لەو بارەیەوە وەرگرێ و چۆنیەتی وەڵام دانەوەی ئەو داواکاریانە.

ئەمەش ئەو داواکاریانەن کە لەو ماڵپەڕەدا خراونەتە پێش:

1. دەبێ ئەمریکا ڕەزامەندی خۆیی نیشان بدات بۆ فراوان کردنی مەودای ئاشتبوونەوەی نیشتمانی هەنووکەیی کە هەموو لایەکی سیاسی بگرێتەوە، بەو حزبە گەورانەی بزوتنەوەی بەرگری عێراقی.
2. پێویستە لەسەر حکومەتی عێراقی و بەبێ شەرت کە بەڵێنی ئەوە بدات کە لێبووردنی گشتی بۆ ئەوانەی کە لەموقاوەمەدان دەربکات.
3. دەبێ حکومەتی ئەمریکا وعێراق ڕازی بن لەسەر سڕینەوەی ئەو یاسایەی کە بەناوی بنبڕکردنی بەعس هەیە. لەگەڵ گێڕانەوەی هەموو ئەو بەعسیانە بۆ کارەکانی پێشووی خۆیان لە حکومەت و سوپادا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

4. دەبێ هەردوو حکومەتی ئەمریکی و عێراقی ڕەزامەندبن لەسەر هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو هێزە چەکدار و گروپی مەرگ و سزادانی سەرکردەکانیان.
5. دەبێ هەردوو حکومەتی ئەمریکی و عێراقی هەموو ئەو بەرنامانەی کە هەن و هەرەشە لەدابەش بوونی عێراق وەك دابەش کردنی وولات بەشێوەیەکی فیدراڵی بۆ سێ بەش هەڵبوەشێنرێتەوە.
6. دەبێ هەردوو حکومەتی ئەمریکی و عێراقی ڕازی بن لە سەر بەرنامەیەکی یەکسان و دروست بۆ دابەش کردنی داهاتی نەوت بەسەر هەموو ناوچەکانی عێراق.

بێ گومان هەمان سەرچاوە ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە ئاگاداریان هەیە لەوەی کە (هیئە علما و المسلمین) چەند دانیشتنێکیان لەگەڵ نوێنەرانی بەناو موقاوەمەدا کردووە و بڕیاری ئەوەش دراوە لەلایەن ئەوانەوە ئەگەر ئەو داواکاریانە بەباشی جێ بەجێ بکرێن ئەوە ئامادەن بەشداری بڕۆسەی سیاسی لە عێراق دا بکەن و لەهەمان کات نوێنەرانی هەیئە بڕوایان وایە کە ئەمریکاو حکومەتی عێراقی ئەو داوایانە جێ بەجێ ناکەن و ترسی ئەوەشیان هەیە کە ئیئتلافی شیعەکان بۆ سەرنەگرتنی ئەم کارە فرەینەی دەنگەکانیان دژی بەکاردێنن.

لەهەمان کات زۆر لە سەرکردە سەربازیەکانی ئەمریکی لەعێراقدا بڕوایان بەوە نیە کە ئەم کێشانە بەم شێوەیە چارەسەربکرێن و بەسەرکەتووشی نازانن.

هەمان یانەی ململانێ ئاماژەی بەوەش داوە کە ئەمە یەکەم جارنیە کە پێشنیاری گفتوو بکرێت و چەندین جاری دی ئەمریکا ئەم هەوڵەی داوە و لەساڵی 2004 دا دانیشتنێك ئەنجام دراوە و پاشان بڵاوکرایەوە ئەوانەی کە قسەیان لەگەڵ کراوە نوێنەری ڕاستەقینە نەبوون بەهەمان شێوەش لەساڵی 2005 دا چەند دانیشتنێکی هاوشێوە بەستران و دواتر ڕاگەیەندرا ئەوانە خەڵکانێك بوون کە جەماوەری زۆریان نەبوو.

لێرەدا دووڕاستی بەدیار دەکەون یەکەم: ئەوەیە ئەمریکا بەڕاست دەیەوێ گفتوگۆ لەگەڵ ئەوانەی بەناوی موقاوەمە هەن، ئەویش لەبێ بڕوابوون لەو هێزوو لایەنانەی ئێستای مەیدانی عێراق و دواتر دەست وەردانی ئەو لایەنانەی کە نەیاری ئەمریکان و بەتایبەت ئێران، لەلایەکی دی گرفتی شیعە لەناوخۆدا بوونیان بەچەندین پارچەوە و پاشان دوورەپەرێزی لایەنی سوننە بەشێوەیەکی گشتی و لاوازی ئەو سوننانەی کە لەدەسەڵات دان و زۆر هۆکاری دی والەئەمریکا بکەن کە سیاسەتی خۆیی بەشێوەیەك بگۆڕێت تا هەرنەبێ کەمێك هەنگاوەکان بەرەو پێشەوە بەرێت و لەم گرفتەی ئێستا ڕزگاری بێت..

دووەم: ئەوە دەگەیەنێ کە لەوانە ئەمریکا تەنها مەبەستی ناسینی ئەو گروپانەیە یان دڵنیابوون لەوەی کە خواستەکانیان چین و مەبەستیان لەو کارە لەکوێ وە سەرچاوەدەگرێ و پاشان بەدیاربوونی توانا و هێزیان و ناسینیان لەپێشەوە هەر بۆیە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کەبەشێوەی ڕاستەخۆ ئەو گفتوو یانە ئەنجام بدرێن.

ئەو سەرچاوەی کە ناوەڕۆکی ئەم بابەتەی لێوەرگیراوە ماڵپەری ئەلوەتەنی عەرەبیە..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.